# چەند تێبینییەك
# لەسەر كۆبوونەوە ڕۆژنامەنوسیەكەی سەنتەری گەنجانی شاری سلێمانی



**نوسینی**: **خەندە جەمال ڕەئووف**

ئێوارەی **8-6-2006**هەموو ڕۆژنامەنووسانو هەندێ لەبانگهێشتكراوانی لێپرسراوی ئاسایشو ستافو ڕاگەیاندنەكان پێكەوە لەدانیشتنێكی جواندا لەماوەی دوو كاتژمێردا كۆنفرانسێك یان كۆبوونەوەیەكمان پێكەوە سازدا، چەند خۆشە كاتێ هەموو هاوپیشەكان پێكەوە جارجارە ئاوا كۆببینەوەو ئازادانە گفتوگۆبكەینو لایەنە بەرپرسەكانیش گوێمان لێ بگرن تاوەكو ئەگەر هەڵەو كەموكوڕییشیان بەرامبەر ڕاگەیاندن هەبووبێت ئەوا هەندێ بەخۆیاندا بچنەوە.

بەڵام ئەوەی من لەماوەی ئەم كۆبوونەوەیەدا تێبینیم كرد، توندوتیژیو زمانی زبری ئاخاوتنی ڕۆژنامەنوسانو شێوەیەك لەگرتنەبەری تەكەتول بەهەموانەوە دیاربوو، ڕوونتر بڵێم هەر ڕۆژنامەنوسێك هەڵدەستایە بەردەم مایكەكەو قسەیەكی توندی دەگووت ئەوانی تریش بەدوای یەكدا دەهاتنو بەرپەرچی قسەی یەكتریان دەدایەوە یاخود لەنێوان لایەنی دەسەڵاتو ڕۆژنامەنوسان دیسانەوە ئەمە هەستی پێدەكرایەوە.

ڕۆژنامەنوسێك كێشەیەكی شەخسی لەگەڵ ڕۆژنامەنوسێكی تر یان بڵاوكراوەیەك لەگەڵ بڵاوكراوەیەكی تردا هەیبوو هەڵدەستان لەدژی یەك ڕەخنەیان لەیەك دەگرت لەسەر حسابی پیشەی ڕۆژنامەنوسیو بەزمانی زبرو بەتۆمەتبار كردن بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ، كەواتە ئەمە خاڵی لاوازی ئێمەیە لەجیاتی ئەوەی بگەینە دۆستایەتییەكو هەموو ڕۆژنامەنوسان پشتگیری یەك بكەین، دەبینی لەهەمانكاتدا دژ بەیەك دەوەستنەوەو هەندێ قسەی ناشرین و ڕەق بەیەك دەڵێن، یاخود گەر لەسەر تەختی شانۆكەشەوە نەبوایە ئەوا لەبەردەم خۆیانەوە لەڕیزی دانیشتواندا دەنگیان بەرز دەكردەوەو بەپێكەنینو تەنزەوە ئاماژەیان بۆ یەكتر بەكاردەهێنا.

ناخۆشترین شت ئەوەیە كەهەستین ڕەخنە بگرین، بەڵام ڕەخنەكەمان شوێن خۆی نەگرێت... بەداخەوە هەندێ ڕۆژنامەنوس هەیە، لەهەموو كۆڕو كۆبوونەوەو دانیشتنێكدا هەڵدەستێت ڕەخنە دەگرێتو خۆی گیف

دەكاتەوەو تورە دەبێت جاری واهەیە رەخنەكانیشی دووبارەن، بەڵام ئەوانە پێیان وایە گەر رەخنە نەگرن ئەوا هیچیان نەوتوەو ئینسانی بەمەوقیفیش ئەوەیە شتێ بڵێ ئەگەر هیچیش نەبێت، تەنها ئەوەی گرنگە لای تەنها ئەوەیە دەركەوێتو ناوبانگ پەیدا بكاتو بڵێ: (من قسە دەكەم كەواتە من هەم) ، بەداخەوە ئەمە هەڵەیەكی گەورەو ناشرینكردنی شەخسیەتی ئەو كەسانەیە لەلای هاوپیشەكانی ئنجا لای هەمووان، كەتۆ هەستیت شتێ بڵێیت بەبێ ئەوەی هیچ پەیامێك بگەیەنیت، یاخود دەرچوون لەدەقی ئەو شتەی كەتۆ بانگ كراویت قسەی لەسەر بكەیت شتی تر بڵێیتو سنگ دەرپەڕێنیتو باسی ئەسپ تاودانەكانی خۆت بكەیتو بكەیتەوە.

یاخود كیژێك بەناوی سەلمە كەركوكییەوە هەستاو بەزمانێكی زبرو زۆر تورەو كەفوكوڵەوە وتی: لەجیاتی ئەوەی بتانوسیایە بائێمەی رۆژنامەنوسان تاوێ پێكەوە گفتوگۆ بكەین بنوسرایە بائێمەی ماستاوچییەكان....... بەداخەوە ئەمە زۆر هەڵەیەو بەداخیشەوە بۆ راگەیاندنێك كەكەسێكی وا پەروەردە دەكات بەبێ ئەوەی ئاگاداری بكاتەوە لەئەخلاقیاتی رۆژنامەنوسو نوسینو گفتوگۆكردنی، چونكە هیچ شتێ موتڵەق نییە لەم گەردوونەدا ، هەموومان دەزانین كە لەناو خودی رۆژنامەنوسانیشدا گەندەڵچیو ماستاوچی وا هەیە كە بۆ گەیشتن بە پلەیەكی بەرزتر یان وەرگرتنی زەویو سەیارەو ناوبانگ ئامادەیە نەك ماستاو شتی زۆر لەوە خراپتریش بكات، بەڵام ئەمە هەمووی ناگرێتەوەو ناكرێ بەتورەییەوە هەستی تەڕو وشك پێكەوە بسوتێنیت، چونكە لەهەمانكاتدا رۆژنامەنوس هەیە كە بەبەڵگەوە لامە، باشترین رۆژنامەنوسە لەبەرەكانی شەڕی ئەم دواییەی ئازادی عێراقیشدا بەشداری كردووە بەتەختیەی كاری رۆژنامەوانی، واتە رۆژنامەنوسی پشت كورسیو مێزو بەر سپلێتیش نییە، ئامادەبووە هەموو مافو هەقێكی ژیانی بەوەرگرتنی زەویو موكافەئاتو خەڵاتو پارەیەك رەت بكاتەوە تەنها لەبەر مەبدەئی ئینسانیەتو رۆژنامەنوسییەكەی، لەبەرئەوە سەلمەخان دەبێت پێشەوەی بەو هەڵچونەو بەبێ هیچ زانیارییەك قسە بكات، گەشتێك بكات بەنێو رۆژنامەنوسە بەمەوقیفو بێ مەوقیفەكاندا ئەوكات ئەگەر (یەك تەنها یەك) رۆژنامەنوسی بەمەوقیف نەما ئنجا ئەو دەتوانێ هاواربكات بەو شپرزەییەوە بڵێ ماستاوچییەكان، مادامیش ئەو بەو شێوازە قسەی كرد دەبا بیوتایە من لەپێش هەموویانەوە ماستاوچیم چونكە خۆیشی بەناو (رۆژنامەنوس)ە.

یان برادەرێك هەڵدەستێت دەڵێت، خەریكە ئێرە دەبێتە مزگەوتو بەناوی قورئانو خواوە قسەدەكەنو ئایەتی قورئانیمان بۆ دەڵێن، ئەو برادەرە ئەگەر خۆی بەرۆژنامەنوس بزانیایە دەبوایە رێزی ئازادی رادەربڕینی بگرتایە، كەسێك كە مەیلی ئیسلامیەتی تیایە یاخود مەبدەئی خۆی وەهایە كەبەناوی خواوە دەستپێكی وتەكانی خۆی بڵێت، ئەمە كەی كێشەیە یاخود ئەمە كەی پێویست بەرەخنە دەكات كە تۆ هاتوویت وەك رۆژنامەنوس قسەی لەسەر بكەیت؟! بەداخەوە من كەمەیلی مەزهەبو دینێكم نەبێت ئیتر چ لەسەر من زەرورە بڵێم ئەوی تر با بەناوی خوا دەست پێنەكاتو ناوی قورئان نەهێنێت، چونكە هەموو كەس ئازادە لەدەربڕینو شێوازی بیركردنەوەو هەستی نەتەوایەتیو مەزهەبیش كەواتە كە تۆ توانج لەو بیر كردنەوەیەی دەدەیت ئەمە تیرۆری فیكری پێ دەڵێن، دەتەوێت بەرەخنە تەنزئامێزەكەت بیرو فیكری ئەو تیرۆر بكەیت.

ئاخر ئەمە هەڵە زەقەكانمانە لەباتی بەكارهێنانی زمانی گوڵ ئاخاوتنمانە بەزمانی دڕكو هەر ئەمەشە هەندێ

جار هەق دەدات بەیاساو دەسەڵات کەبتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەرماندا زاڵ بێتو ئێمەش نەتوانین یاساییانە هیچ بڵێین، چونکە لە قسەو لەدەربڕینی شێوازی پەیامەکەماندا نادروستانەو بەهەڵە گەیاندومانەتە خوێنەرو بینەرو بیسەر جگە لەهەڵەشەییو کەم زانیاری لەهەندێ لەمەسەلەکاندا کەواتە کەئێمە زانیاری تەواو مان نەبێت لەسەر شتەکان پێویست ناکات زیادەڕەوی بکەین لەوتەو گفتوگۆکانمان.

ئەوەی زۆر زەق بوو لەلای من باسم کرد، زۆر شتی لەمە سەیرو سەمەرەتریش روویدا من بوار جێدێڵم تا رۆژنامەنوسانو هاوکارانی تریشم ئاماژە بەوانەی تری بدەن.

khandajml@yahoo.com